# رۆڵی بازارسازی کۆمەڵایەتی لەبایەخدان بەپرسی جێندەر لەهەرێمی کوردستاندا

## (راگەیاندنی دامەزراوەو رێکخراوەکانی ژن بە نموونە)

ئاڤان فارس أسعد[1] د. هەردەوان محمود کاکەشێخ[2]

[1] بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق..
[2] بەشی بەشی راگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و رۆڵی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر لەلایەن دامەزراوەو رێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ژنان لەهەرێمی کوردستاندا، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە زانینی رۆڵ و ئاستی پشتبەستنی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان بە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر لەهەرێمی کوردستاندا هەروەها کام شێوازی ریکلامی کۆمەڵاتی پشتی پێبەستراوە بۆ ئەم مەبەستە. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەران میتۆدی چاوپێکەوتنی قووڵیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شرۆڤەکردنی چالاکییەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ سامپڵێك لە چالاکییەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوەو رێکخراوەکانی تایبەت بە بواری ژنان لەهەرێمی کوردستاندا. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەش کە توێژەران پێی گەیشتوون بریتیە لە: ئەو رێکخراوانەی کاران لەبواری جێندەر ژمارەیان زۆر کەمە، بەشێکی پەیوەندی بە تێنەگەشتن و نەبوونی مەعریفەیە لە بواری جێندەر، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە ئاڕاستەی سیاسەتی کارکردنی دامەزراوە و رێکخراوەکە هەیە، بەهۆی پاڵپشتی دارایی سەرچاوەکەیان پلان و ستراتیژیی کارکردنیان بۆ دادەرێژرێت، سیاسەتی کارکردنیان روون نیە، هەڵمەتی بازارسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و رێکخراوەکان زیاتر لەبواری یەکسانی جێندەر، پێگەی ژن لەناوەندی بڕیار و هۆشیاری یاساییە، ئەگەرچی زۆرکاتیش لەگەڵ بۆنە و یادە جیهانیەکان بابەتەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بەڵام بەردەوامیان نەبووە.

شێوازی بازاڕسازی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن زیاتر کلاسیکە و کەمتر شێوەی سەردەمی و تازەی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش کاردەکاتەسەر گەیاندنی پەیام و ناوەڕۆکی ریکلامە کۆمەڵایەتییەکە، زیاتر لە سەنتەری شارە گەورەکان بڵاوکراونەتەوە و جەماوەری شارۆچکە و قەزاکان لێی بێبەشن، لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان: رۆڵ، بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، جێندەر، دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان**

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 15 نوڤمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 افان، د. هەردەوان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## پێشەکی:

لەرۆژگاری ئێستادا، کە سەردەمی جیهانگیری و باڵادەستی ئامرازەکانی میدیایە بە هەموو فۆرمەجیاوازەکانییەوە، ئەوەش وایکردووە میدیا کاریگەری لەسەر بنیادنان و گەشەپێدانی هەموو پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەبێت، هەر بەنموونە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ( Social Media Platforms)، رێژەی بەکارهێنانیان بەبەراورد بەفۆرمەکانی دیکەی میدیا بەرێژەی زۆر زیادیکردووە، بەجۆرێك کە ئەم پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنیانە، پانتایی گشتی نوێیان بۆ بەکارهێنەرانیان دروستکردووە، بۆ بەشداربوون لەچالاکییە جۆراوجۆرەکاندا بەتایبەتی چالاکی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی.

هەربۆیە بۆ ئامانج و مەبەستی جیاواز لەلایەن تەمەن و رەگەزی جیاوازەوە ئەم پلاتفۆرمانە بەکاردەبرێن، بەجۆرێك کاریگەری جیاوازیان لەسەر تێڕوانینی گشتی دەربارەی پرسە جیاوازەکان دروستکردووە و لەناویشیاندا پرسە جێندەرییەکان.

لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا بازاڕسازی کۆمەڵاتی بەجۆرێك پشتی پێبەستراوە، تەنانەت بۆ رێکخستنی چالاکییە جێندەرییەکان کراون بەسەکۆیەکی سەربەخۆو کاریگەر بەئامانجی دروستکردنی گۆڕانکاری لەتێڕوانینی گشتی لەهەندێ لەکۆمەڵگەکان لەهەمبەر جیاوازییە جێندەرییەکان، توندوتیژییە رەگەزییەکان... هتد. هەر لەو روانگەوە چەندین توێژینەوەی زانستی دەربارەی میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی لەسەر جێندەر بڵاوکراونەتەوە.

لەئێستادا بازاڕسازی کۆمەڵایەتی فۆڕمێکی کاریگەری میدیایە، کە بەهۆی ستراتیژیەتییەکی دروستەوە، دەتوانرێ تێڕوانینی نوێ و جیاواز دەربارەی پرسە جیاوازەکان و بەتایبەتیش پرسە جێندەرییەکان درووست ببێت. هەرچەندە ئاست و جۆری کاریگەریی و رۆڵی بازاڕسازی کۆمەڵایەتییەکانی زیاتر بووە لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی ژیان لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بەهۆی کۆمیونیکەیشی کارلێکراو و دوولایەنەوە و توانستی ئاسانیی و خێرایی لەگەیاندنی پەیام و درووستکردنی پانتایی گشتی نوێ لەناو ئامرازەکانی میدیادا، ئەوەش دەرفەتی بەشداری نوێی بۆ خەڵك رەخساندووە، لەرووداو و چالاکیەکاندا و بەتایبەتیش چالاکییە جێندەرییەکاندا.

کێشە جێندەرییەکان لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا بەیەکێك لەپرسە گرنگەکان دادەنرێت و لەماوەیە سێ دەیەی رابردودا پارتە سیاسییەکان چەندین رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیان بنیادناوە بۆ کارکردن لەسەر پرسە جێندەرییەکان، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەندین نوسینگەیان لەهەرێمی کوردستان کردووەتەوە و چەندین پڕۆژەیان دەربارەی پرسە جێندەرییەکان ئەنجامداوەو ئەنجامیدەدەن، حکومەت دامەزراوەی تایبەتی بۆ توندوتیژی جێندەری کردووەتەوە، پەرلەمان بەپڕۆژە یاسا کاریکردووە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە جێندەرییەکان و توندوتیژییە جێندەرییەکان، تەنانەت لەدەستووری هەمیشەیی عێراق 2005 (سیستەمی کۆتا-Quota System) بۆ بەشداری سیاسیی ژنان لەهەڵبژاردنەکان و پڕۆسەی سیاسیی و حوکمڕانییەکان جێگیرکراوە، بۆئەوەی هاوسەنگی جێندەری بپارێزرێت.

لێرەوە دەردەکەوێت، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بەتایبەتیش ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا دەربارەی رۆڵ و کاریگەرییەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، لەسەر لەبایەخدان بەپرسی جێندەر لەهەرێمی کورستاندا، بۆئێستای وڵات، کە بەبارودۆخێکی راگوزەری گرنگ و پڕ لەناهاوسەنگی جێندەری گوزەر دەکات، بووەتە پێویستییەکی حەتمی، لەلایەك بەهۆی خێرایی گەشەی تەکنۆلۆژیای نوێ و پلاتفۆرمەکانی میدیا و بوونی کێشە جێندەرییەکان لەهەرێمی کوردستان بەقەبارەیەکی گەورەو کاریگەرو کاریگەری زۆری لەسەر رێکخستنی کۆمەڵگە هەیە، هەربۆیە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەلایەنە بەشە زانستییەکانی میدیا لەئێستادا بەپێویست دەزانرێت.

کارکردن لە بواری  بازاڕسازی کۆمەڵایەتی قورسترین خوێندنەکانە لەبەر تازەیی-سەرەتایی، دەرکەوتنی  واتە تازە دەرکەوتووە.

هەروەها کەمی سەرچاوەکانی توێژینەوەکان تایبەت بە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، هەروەها پەیوەندیکردن بە زۆربەی بوارەکان وەک: (زانستی، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، بازاڕسازی، زانستی و راگەیاندن و پەیوەندی).

### بەشی یەکەم: میتۆنامەی توێژینەوە

### یەکەم:کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوە، ئەو خاڵە دەرچە بنەڕەتیەیە، کە توێژینەوەی زانستیی لێوەی سەرچاوە دەگرێ و لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوە لێوەی بنیاد دەنرێت، لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی زۆری بواری توێژینەوە، سەرەکیترین کێشەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ناڕۆشنی و تەمومژاویبونی "لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کەناڵ و ئامرازانەی میدیا هێشتا ناڕوونییەک هەیە لە بابەتی مارکتین بۆ پرسی جێندەر لە میدیای کوردیدا".

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەیە لە "رۆڵی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لەبایەخدان بەپرسی جێندەر لەهەرێمی کوردستاندا" هەروەکچۆن، ئەم توێژینەوەیە چەندین

ئامانج و مەبەستی زانستیی دیکەی هەن، کە گرنگترینیان بریتین لە:

1-زانینی رۆڵ و ئاستی پشتبەستنی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان بە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەری لەهەرێمی کوردستاندا.

2-زانینی ئاستی پشتبەستن بە بەکارهێنانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی (پەیوەندی و کاریگەری) بەرەفتارو بیرکردنەوەو تێروانینی جەماوەر بۆ پرسە جێندەرییەکان لەهەرێمی کوردستاندا.

**سێیەم:گریمانەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشتدەبەسترێت تیۆری کاریگەری میدیا، و گریمانەکانی توێژینەوەکەش لەسەر گریمانەکانی تیۆری پشتبەستن بەمیدیا (Media Dependency Theory)، سەرچاوەیان گرتوە:

پشتبەستن بەبازاڕسازی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی لەروانگەی جێندەری لەهەرێمی کوردستان.

پشتبەستن بە بەکارهێنانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەرەفتارو بیرکردنەوەو تێروانینی میدیا بۆ پرسە جێندەرییەکان.

ئاستی بەکارهێنانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەگۆڕینی تێروانینی جەماوەر بۆ روانگەی جێندەری لەهەرێمی کوردستان.

میدیای رێکخراو و دامەزراوەکانی ژنان تا چەند بایەخ بە شێوازەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دەدات بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی جێندەری.

**چوارەم:گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:**

بەگشتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە گرنگی زۆری هەیەو لەرۆژگاری ئێستای مرۆڤایەتیدا بابەتێکی گرنگ و هەنوکەییە، و بۆ ئێستای هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە چونکە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان، کە سەرانسەری جیهانی گرتووەتەوە بەهەمان شێوە لەهەرێمی کوردستان کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسیی و جێکەوتە کۆمەڵایەتی و جێندەرییەکان درووستکردووە.

هەروەها توێژینەوەکە هەم بۆ پسپۆڕانی بواری راگەیاندن گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت، هەم لەبواری پراکتیکدا، دامەزراوەو کەناڵەکانی راگەیاندن و رێکخراوە و دامەزراوەکانی ژن لەکوردستاندا دەتوانن لێی سوودمەندبن، جگەلەوە کتێبخانەی کوردی کەمترین توێژینەوەی لەسەر بابەتی بازاڕسای کۆمەڵایەتی و پرسی جێندەری تێدایە.

**پێنجەم:میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، لەجۆری توێژینەوەی (وەسفی)یە، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە پراکتیکیەکەی، پشت بەمیتۆدی (چاوپێکەوتنی قووڵ، سەرنجدان و تێبینیکردن) دەبەستێت بۆ کۆکردنەوەی داتای بنەڕەتی و بەمیتۆدی شیکاری ناوەڕۆکیش, شیکار بۆ داتاکانی توێژینەوەکە دەکرێت.

**کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە راگەیاندنی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان، لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی لەبواری پرسی جێندەری کاران و چالاکییەکانیشیان زیاتر لە بواری گەشەپێدانی جێندەر و فێمێنیزمە، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە رێکلامی کۆمەڵایەتی (2)دامەزراوەی بواری ژن و (11)رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بواری ژن. کە بەشێوەیەی سامپڵی مەبەستدار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراون.

لەسەرەتای بەشی سێیەمدا باسی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن سامپڵی توێژینەوە کراوە.

**شەشەم:پرسیارەکانی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر چەند پرسیارێکی ئاراستەکردووە، تاوەکو لە رێگەی وەڵامی پرسیارەکانەوە، رۆڵی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە بایەخدان بە پرسی جێندەر لەراگەیاندنی دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن بخاتەڕوو، پرسیارەکانی توێژینەوەش بریتین لە:

ئایا تا چ رادەیەك پرسی جێندەر بایەخی پێدراوە لەنێو رێکلامە کۆمەڵایەتییەکان؟

ئایا دامەزراوە حکومییەکان و رێکخراوەکانی بواری ژنان تا چ رادەیەك بایەخیان بەرێکلامی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر داوە؟

ئایا بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوە حکومییەکان و رێکخراوەکانی بواری ژنان بۆپرسە زیاتر فۆکەسی لەسەر کام بواری جێندەرە؟

ئایا رێکلامە کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوە حکومییەکان و رێکخراوەکانی بواری ژنان بۆپرسە جێندەرییەکان زیاتر لە کام فۆرمی میدیایەوە بڵاوکراوەتەوە؟

میدیای رێکخراو و دامەزراوەکانی ژنان تا چەند بایەخ بە شێوازەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی داوە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی جێندەری؟

ئایا لە بەرهەمهێنانی رێکلامە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ پرسی جێندەر پشت بە کام سەرچاوەی مرۆیی دەبەستن؟

تا چەند بایەخ بەکاریگەرییەکانی رێکلامە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ پرسی جێندەر دەدرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگە؟

**حەوتەم-سنووری شوێن و کاتی توێژینەوە:**

بەشی مەیدانی و پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە لە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان (2022/4/01) تاوەکوو(2022/9/1) ئەنجامدراوە.

**بەشی دووەم لایەنی تیۆری توێژینەوە:**

**چەمك و پێناسەی بازارسازی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی لەهەرێمی کوردستاندا**

**تەوەری یەکەم: پێناسە و مێژووی بازاڕسای کۆمەڵایەتی**

**1-1-1 گەشەکردنی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی**

بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا. کاتێک زانا فیلیپ کتلر و گیراڵد زاڵتمان (1970) درکیان بەوە کرد، هەمان ئەو بنەمایانەی لە بە بازارکردنی بازرگانی هەن و بەکاردەهێنرین بۆ فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنەران و بە ئامانجگیراوەکان، دەکرێت بەکار بهێنرین بۆ فرۆشتنی بیر و چەمک و هەڵوێستە و نۆرمەکانی رەفتاری پەسند لە لای تاک و خێزان.( Richard K. manof,1985,p91)

کتلەر واندرسین، لەو بڕوایەدا بوو، کە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە رووی ئامانج و کەسانی بە ئامانجگیراو، چونکە ئامانجەکانی گشتیین و لە هەمان کاتدا دەیەوێت کاریگەری لەسەر نۆرمی رەفتاری کۆمەڵایەتی دروست بکات بە بێ ئەوەی بیەوێت قازانجی دەست بکەوێت. ئەو باوەڕی وابوو، بازاڕسازی کۆمەڵایەتی ئامانجی ئەوەیە سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت وەک ئەو هەڵمەت و پرۆگرامە نێودەوڵەتیانەی هەن بە مەبەستی باشترکردنی رەوشی تەندرووستی وڵاتانی جیهانی سێیەم دانراون.( Andreasen ,Alan R,1995,p67)

بواری بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە میانی کارکردنی دەستە نێودەوڵەتییەکانی وەک فریاگوزاری و خاچی سوور و مانگی سوور زۆر پێشکەوتنی بە خۆوە بینی و ئەوان چەندین پلان و پرۆگرامیان پێشکەش کرد بۆ هاوکاریکردنی کەسانی پێویست و لە ناوچەی جیاجیای جیهاندا ئەو کەسانەی پێویستیان بە خزمەتگوزاری تەندرووستی و خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکان بوو بۆیان دابین کردن و پێشبینیش دەکرێت هەڵمەتەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا بوارەکانی .( عرجان، 2010،ص35).

پرۆگرامی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی پێویستە ئاراستە و رووی لە پرۆگرامێکی زانستیی بێت بە مەبەستی رازیکردنی گەنجان بەوەی کار بکەن لە هەر بوارێکدا کە دەتوانن و بەرهەمی گشتیی وڵاتان زیاد بێت. لە پرۆگرامە بازاڕسازییەکان و کۆمەڵایەتییەتییە دیراسە کراوەکاندا هاوکاریکردنی ئەو گەنجانە و قەناعەتپێکردنیان بەوەی لەو بوارانەی دەرفەت هەیە کار بکەن گرنگە و هەرچەندە کارەکەش لەگەڵ خواست و توانا و بەهرەکانیان بەکنەگرێتەوە.( Glanz, K, F. Lewis and B. Rimer,1997,p98)

لێرە دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو چالاکیانەی کە لەناو ئەو کۆمەڵانە دەکرێت کە چاویان لە قازانج نییە گرنگی دەدەن بە سەرکەوتن و مانەوەی کۆمەڵەکەیان، بەڵام بازاڕسازی کۆمەڵایەتی گرنگی دەدەن بەو گۆڕانکاریانەی کە روودەدەن لەسەر جەماوەری دەستنیشانکراو و بەئامانجکراو.(زناد، 2011، ص4).

بازاڕسازی کۆمەڵایەتی گرنگی دەدات بە جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەو بیرۆکانەی کاریگەرە بەسەر بەدەستهێنانی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی گونجاو لەبارەی دانراوە، لەوانە(پلاندانانی بەرهەم، نرخەکان، پەیوەندیکردن، دابەشکردن، توێژینەوەی بازاڕسازی و ئەمیش دوو جۆر لە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە بازاڕسازی نیشانەدەدات.(الصمیدعی ،2012،ص4).

أ. کێشەی بازاڕسازی، پاڵنەکانی بازاڕسازی:-بەدەستهێنانی دانپێدانانی و پاڵپشتیکردنی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە(پالاندانانی خێزان، چاودێری دانیشتوون، وە پێویستە چاودێری رەوشی کۆمەڵایەتی بکەین و هەڵمەتی کۆمەڵایەتی لە رێگەی بازاڕسازی بۆ کەین.

ب.بازاڕسازی بەرنامەبۆداڕێژراو، بە بەرنامە:خستەگەڕی تواناکان بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری و بەشداریکردن بەرنامەی تایبەتمەند بۆ برەودان بە بیرۆکەی گشتی.

بەڵام ئەو رەگەزانەی کە دەتوانین پشتی پێببەستین لە بواری بازاڕسازی کۆمەڵایەتی ئەمانەن:-(مجاهیدی، واخرون،2017،ص188).

1-تێگەیشتن لە پێداویستیەکانی کڕیار:ئامانجی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کۆڵنەدانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک یان چەند کۆمەڵگەیەکی بە ئامانجکراو بۆ ئەوەی دەست بکات بە کارلێکردن و کاریگەری و گۆڕانکاری بکات لە بیرۆکەی کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوتی کەسەکان.

2-کەناڵەکانی دابەشکردن:هۆیەکانی راگەیاندنی جەماوەری، راگەیاندنی جەماوەری هۆکارێکی گرنگی گەورەیە لە زیندووکردنەوەی تێگەیشتن، لە بەرهەمەکانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە خستنەسەر دابەشکردنی بەرهەمە هەست پێنەکراوەکان، (بەچاو نابینرێن)، بەڵام کاریگەری راگەیاندنی جەماوەری جیاوازییەکی زۆری هەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

3-نرخاندن: ئامانج لە سیاسیەتی نرخەکاندا، بەدەستهێنانی گەورەترین ژمارەی بەدەستهاتووی کەسەکانە بۆ بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان کە نیشانیدەدرێن بە کەمترین نرخ و بەخۆڕایی.

4-گرنگی کۆمەڵایەتی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی: پێچەوانەی ئەو رۆڵەی کە بازاڕسازی دەیگێڕیت لە بەرێوەبردنی چالاکی بازاڕسازی پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان دواکەوتووی و کاریگەری ئابووریانە بۆ بازاڕسازی لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ کە هەڵیدەگرێ لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییدا کاریگەرە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کاریگەرییە کرداریەی گۆڕینە لەنێوان کۆمەڵگە و بازاڕسازی.

چالاکی بازاڕسازی کاردەکات لەسەر ئاستی ژیان(بەزیادکردن بەجۆرکردنی و چاککردنی هەندێک کەلوپەلی خزمەتگوزاری پێشکەشدەکات بۆ کۆمەڵگە)، لە رێگەی کارلێکردنی راستەوخۆ لەسەر شێوازی لەناوبردنی دیاردە باوەکانی کۆمەڵگە، لەلایەکی دیکەوە بازاڕسازی لەبەرچاودەگیرێت کاریگەری کۆمەڵایەتی بەدەستدەهێنێت، پێکهێنان و دیاریکردنی کەمووکوڕییەکان لەنێو کۆمەڵگە کاریگەری چینایەتی و پاڵەپەستووی خێزانی و ئاستی رۆشنبیری و پاڵنە باوەکان لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی.(سعید، 2014، ص28-29).

**2-1-1 بنەماکانی بازارسازی کۆمەڵایەتی:(سلوی العوادلی،2011،ص21)**

-بازارسازی کۆمەڵایەتی بایەخ و گرنگی بە کێشەو بیروڕای کۆمەڵایەتی دەدات، لەکاتێکدا هەرکەسێک دەسەڵاتدارە یان پێگەیەکی هەیە لەناو کۆمەڵگە رێگەپێدراوە رەفتاری تاک بگۆڕێت بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە. لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین:

أ-بەرنامەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی داڕێژراوە بۆ کاریگەری دانان لەسەر رەفتاری مرۆڤایەتی لەبوارێکی فراوان لە کۆمەڵگە.

ب-پێوەری ماددی نابێتە مەرج بۆ سەرکەوتنی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی.

ج-هەڵمەتەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بە جەماوەر دەست پێدەکات و کۆتایی دێت.

د-بازاڕسازی کۆمەڵایەتی هەمان میکانیزمی بازاڕسازی بازرگانی بەکاردەهێنێ.

**3-1-1 جیاوازی لەنێوان بازارسازی کۆمەڵایەتی و بازارسازیی بازرگانی:.**

بازارسازیی کۆمەڵایەتی: ستراتیژیەتێکی نوێیە بەپشت بەستن بە ئامرازە بازرگانیەکان لەپێناوی بڵاوکردنەوە یان فرۆشتنی بیرۆکەیەک یان رەوشتێکی کۆمەڵایەتی تەندروست لەجیاتی فرۆشتنی کاڵایەک وەک(شیرینی و کاڵا ی دیکە).

پێوەرەکانی جیاکردنەوەی بازارسازیی کۆمەڵایەتی لە بازارسازی بازرگانی(إبراهیم،2004، ص90):-

یەکەم: بەرهەم:- ئامانج چییە لە بازارسازی بەرهەمەکە.

دووەم: ئامانجی سە رەکی لە بەرزکردنەوە یان زیادکردن.

بازارسازیی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پرۆگرامی بازاڕسازی بەمەبەستی راستکردنەوەی بیرۆکەکان لە کۆمەڵگە.

ئامانجی سەرەکی لە بازارکردن

1-بازرگانی: ئامانجی دەستبەرکردنی داهاتی ماددی.

2-کۆمەڵایەتی: سوودوەرگرتن لە میانەی زیادکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و رەوشی کۆمەڵایەتی تەندروست

3-پێشبرکێ: پێشبرکێیەکە لەنێوان کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان لەلایەن بەرهەمەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

بە واتای بازارسازی بازرگانی مەبەستی سەرەکی فرۆشتنی کاڵا و قازانجی ماددییە بەڵام کۆمەڵایەتی مەعنەوییە و قازانجی ماددی نییە بەڵکو باشکردنی رەوشی کۆمەڵگە.

**4-1-1-گرنگی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی**

دروستکردنی رای گشتی لایەنگری کە داوا لە کۆمەڵگا بکات بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک، یان کێشەیەک کە کۆمەڵگا تێیدا بەرجەستە دەبێت هەروەها کۆمەڵگا دەهەژێنێت کە دووربکەوێتەوە لە رەتکردنەوە و بێئاگایی و هاندانی هەمووان بۆ رۆڵگێڕان لە گۆڕان و گەشەکردندا.( Philip. kotler and Eduardo L. Roberto,1989,p78)

گرنگی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە تواناییەوە سەرچاوەی دەگرێت بۆ:

یەکەم: ئەو کێشانەی بازارسازی دیاری بکەن کەڕووبەڕووی بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە دەبنەوە بەشێوەیەکی زانستی بەشێوەیەکی ورد و رێکوپێک بۆ یارمەتیدان بۆ ئامادەکردن بۆ رووبەرووبونەوەیان و ئاراستەکردنیان لەکاتی خۆیدا.

دووەم: تێگەیشتن لەسروشت و دینامیکی بازاڕ و زانینی هێزە سەرەکییەکانی کاریگەری لەسەری، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی بازاڕ بەگۆڕانکارییەکانی و توانای دیاریکردنی شێوازی هەڵسوکەوتی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی جوولەی ئەو گۆڕاوانە و کارلێککردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەکات.

سێیەم: بەردەوامی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن تویژینەوەی بەبازارکردنەوە بۆ بڕیاردەری بازاڕسازی دابینکراون، توانای ئاشکراکردنی هەلی بازاڕی نوێ بۆ رێکخراوەکە دەدات، وە توانای کردنەوەی ناوچەکانی وەبەرهێنان دەداتەوە لەگەڵ گەرانەوەی پاداشتدا، چونکە تویژینەوەی بازاڕسازی پێویستی بەکارهێنەری بەردەوام هەیە.(معلا،2006، ط3 2006م ، ص19 – 20).

**5-1-1 پێودانگی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی:**

زۆرێک لە دامەزراوە گشتیی و تایبەتەکان تێبینی ئەوەیان کردووە, هەندێک پێودانگی بنەڕەتی هەن پێویستە بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێن، لەوانە:(Andreasen,A,1995,p7)

أ. دروستکردنی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ زۆربەی ئەو تاک و کۆمەڵانەی ئامانجی هەڵمەتەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتین.

ب. دابەشکردنی کۆمەڵگە و بازاڕی گشتیی بە ئامانجگیراو بۆ چەند بەشێکی سنووردار و لەبەرچاوگرتنی خەسڵەت و تایبەتمەندی دەروونی و دیموگرافی و هەریەک لەو بەشانە. بۆ ئەوەی بزانرێت بە چ شێوازێک بدوێندرێن و رەچاوی زمان و سرووشتیان بکرێت.

ج. هەڵبژاردنی سەرکردەکانی را، کە دەگونجێن بۆ گواستنەوەی پەیامی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی. دەستنیشانکردنی ئەستێرەکان کە مەرجی راستگۆیی و رێز و متمانەیان لای خەڵک هەبێت.

د. چوونە لای تاک و خێزان و کۆمەڵەکان لە بری ئەوەی ئەوان بانگ بکرێن، چونکە زۆر پێویستە پەیوەندیکردن بەو لایەنانەی بە ئامانج گیراون راستەوخۆ بێت.

هەروەها پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەوانەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دەکەن، تێچووی هەوڵەکانی بە بازاڕکردنەکەیان یەکسان بێت بەو سوودانەی چاوەڕێ دەکرێت بەدەست دێن. هەربۆیە وا پەسندە کارەکە بە جۆرێک بێت تێچووی کەم بێت.( القیشاوي،1997،ص56)

**بەشی سێیەم: لایەنی شیکاری**

**خستنەرووی زانیارییەکانی نێو چاوپێکەوتن و شیکردنەوەی خشتەکان و گرێیانەی تویژینەوە و دەرئەنجامەکان و پێشنیار و راسپاردەکانی توێژینەوە.**

**خستنەرووی زانیارییەکانی نێو چاوپێکەوتن و شیکردنەوەی خشتەکان:**

**خشتەی(1)**

**دابەشبوونی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بەگوێرەی سنووری کارکردنیان**

| ژ | ناوی دامەزراوەو ڕێکخراو | سنووری کارکردن | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پارێزگا | هەرێم | عیراق | نێودەوڵەتی |
| 1 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | 1 | 1 | | |
| 2 | بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | 1 | 1 | | |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 5 | ڕێکخراوی ئاسوودە | 1 | 1 | 1 | |
| 6 | ڕێکخراوی ڕاسان | 1 | 1 | 1 | |
| 7 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 1 | 1 | 1 | |
| 8 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 1 | | | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | 1 | 1 | | |
| 10 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 1 | 1 | 1 | |
| 11 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 12 | ڕێکخراوی ئیمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 1 | 1 | | |
| 13 | فێمینیزمی ڕۆشنگەری | 1 | 1 | | |
| | کۆی گشتی | 13 | 12 | 7 | 0 |
| | ڕێژەی سەدی | 100% | 92.3% | 53.8.% | %0 |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە(1) بۆمان ڕووندەبێتەوە، زۆربەی دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی ژنان لەسەر ئاستی چەند پارێزگایەک کاردەکەن، بە ڕێژەی (100%)، بەشێکیان لەسەرئاستی هەرێمی کاردەکەن بەرێژەی (92.3%)، لەسەرئاستی عیراق بە پلەی سێیەم دێت بەرێژەی (53.8%)ە، دواین ئاماریش کە توێژەر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکانی هەرێمی کوردستان وەریگرتووە، لە هەرێمی کوردستان (231) ڕێکخراوی تایبەت بە ژن تۆمارکراوە، بەشێک لەو ڕێکخراوانە تەنها پاشگری ژن و جێندەریان بەکارهێناوە و چەمکی دیکەشیان لەگەڵ ناوی ڕێکخراوەکە لەکاتی تۆمارکردنەکە بەکارهێناوە، سەرەرای ئەو ژمارەیە، ئەو ڕێکخراوانەی کاران لەبواری کارکردن و بایەخدان بە پرسی جێندەر ژمارەکەیان زۆر کەمە، بەشێکی پەیوەندی بە تێنەگەشتن و نەبوونی مەعریفەیە لە بواری جێندەر، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە ئاراستەی سیاسەتی کارکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکە هەیە، بەهۆی پاڵپشتی دارایی سەرچاوەکەیان پلان و ستراتیژیی کارکردنیان بۆ دادەرێژرێت، سیاسەتی کارکردنیان روون نیە.

**خشتەی (2)**

**ڕێژەی کارکردنی میدیاکاری بەئەزموون و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان**

| ژ | | ڕەگەز | | پسپۆڕی ڕاگەیاندن | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | 1 | 1 | 1 | |
| 2 | بەرێـوەبەرایەتی بەرەنگـاربوونەوەی توونـدوتیژی دژ بە ئـافرەتان و خێزان | 1 | | | |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | | 1 | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | | 1 | | |
| 5 | ڕێکخراوی ئاسوودە | | 1 | | |
| 6 | ڕێکخراوی ڕاسان | 1 | | | |
| 7 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | | 1 | | |
| 8 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | | 1 | 1 | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | | 1 | | |
| 10 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | | 1 | | |
| 11 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | | 1 | 1 | |
| 12 | ڕێکخراوی ئیمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | | 1 | 1 | |
| 13 | فێمینیزمی ڕۆشنگەری | 1 | | 1 | |
| کۆی گشتی | | 3 | 10 | 6 | 7 |
| ڕێژەی سەدی | | 23.07% | %76.93 | %46.16 | %53.84 |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە(2) بۆمان ڕووندەبێتەوە ڕێژەی کارکردنی میدیاکاری بەئەزموون و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیانـدنی دامەزراوە و ڕێکخـراوی ژنان، (46.16%)،بەرپـرس یاخـود بەرپـرسی بەشی ڕاگەیانـدن و پەیوەنـدییەکان لە دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی ژن و بواری جێنـدەری شـارەزایی و پسـپۆڕی بواری میـدیا کەمتر لە نیـوەیە، کە ئەمە بـۆ خـۆی دەرخەری ئەوەیە کە ئەو کەسـانەی لەو بەشـە کاردەکەن شـارەزایی و ئاشـنایيان بە ڕێـگە و شێوازی تازە و بواری میدیا نییە، بۆیە وەک پێویست کاریان لەسـەر بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی بـۆ پـرسی جێنـدەر نەکردووە، بەشـێوەیەکی تەقلیدی کاریان کردووە، سـەرەرای ئەوەی سـاڵانە ژمـارەیەکی زۆر لە کچان و کوڕان لە بەشـەکانی ڕاگەیانـدن خوێنـدن تەواودەکەن، هەلی کاریان نییە.

هەروەهـا ڕێـژەی کارکردن بەگـوێرەی ڕەگەز، دەردەکەوێـت ڕێـژەی کارکردنی ڕەگەزی مێ بەرزترە لە نێر ڕێژەکە 76.9% لە بەرامبەر ئەو ڕێژەیە بۆ ڕەگەزی نێر تەنها 23% لە ڕەگەزی نێرن، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی مێ زیاتـر لە بواری ژن و ڕێکخـراوە و دامەزراوەکانی ژنان کاردەکەن، پیاوان کەمتر ڕوودەکەنە ڕێکخراوەکانی ژنان بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە، بەشێکیشی- پەیوەندی بە شـێوازی کارکردنەوە هەیە.

**خشتەی (3)**

**جۆری بڵاوکردنەوەی ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکان لەبارەی پرسی جێندەر**

| ژ | ناوی دامەزراوە و ڕێکخراو | یەکسانی جێندەر | جوڵانەوەی فێمێنیزم | هۆشیاری یاسایی | ژن لەناوەندی بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | 1 | | 1 | 1 |
| 2 | بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | 1 | | 1 | |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 5 | ڕێکخراوی ئاسوودە | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 6 | ڕێکخراوی ڕاسان | 1 | 1 | 1 | |
| 7 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 8 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 1 | 1 | | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 10 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 11 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 1 | | 1 | |
| 12 | ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 13 | فێمێنزمی ڕۆشنگەری | 1 | 1 | | 1 |
| | کۆی گشتی | 13 | 10 | 11 | 8 |
| | ڕێژەی سەدی | 100% | 76.9% | 84.6% | 61.5% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی(3) بۆمان ڕووندەبێتەوە بوارەکانی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکان لەبارەی پرسی جێندەر ، ڕێژەیەکی زۆر جۆری ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکان یەکسانی جێندەرییە بەڕێژەی 100%، پاشان هۆشیاری یاسایی بەرێژەی (84.6%)، دواتر بابەتی جوڵانەوەی فێمێنزم لە کوردستان بەرێژەی (76.9%)، ژن لەناوەندی بڕیار بەرێژەی (61.5%)، هەڵمەتی بازارسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان زیاتر لەم چەند تەوەرەیە، ئەگەرچی زۆرکاتیش لەگەڵ بۆنە و یادە جیهانیەکان بابەتەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بەڵام بەردەوامیان نەبووە.

**خشتەی (4)**

**سەرچاوەی مرۆیی بەرهەمێنانی ڕیکلامی کۆمەڵایەتی**

| ژ | ناوی دامەزراوە و ڕێکخراو | بەرهەمی ڕێکخراو | کادیری بیانی | هەردووکیان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | | 1 | |
| 2 | بەرێـوەبەرایەتی بەرەنگـاربوونەوەی توونـدوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | | | 1 |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 1 | | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 1 | | |
| 5 | ڕێکخراوی ئاسوودە | | | 1 |
| 6 | ڕێکخراوی ڕاسان | | | 1 |
| 7 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | | | 1 |
| 8 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | | 1 | |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی | | | 1 |
| 10 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | | | 1 |
| 11 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 1 | | |
| 12 | ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | | | 1 |
| 13 | فێمێنزمی ڕۆشنگەری | 1 | | |
| | کۆی گشتی | 4 | 2 | 7 |
| | ڕێژەی سەدی | 30.7% | 15.3% | 53.8% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (4) بۆمان ڕوونەدبێتەوە، دامەزراوە و ڕێکخـراوەکان کادیـری پێویسـتیان بـۆ بەرهەمێنـانی ڕیـکلامە کـۆمەڵایەتیەکان نییە زیاتـر پشـتیان بە کادیـری دەرەوە و ناوەوەی دامەزراوە و ڕێکخـراوەکان بەسـتووە، بەرێـژەی (53.8%) ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ناوەرۆک و پەیامی ڕێکخراو و دامەزراوە یان پرسەکە، چونکە کادیری دەرەوەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکە زیاتر بیرۆکە و بۆچوونی خۆی بەکاردەهێنێت ڕەنگە بیسەپێنێت، ئەمەش کاریگەری دەکاتە پەیامی بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی، ئامـانجی سـەرەکی نەپێکێـت، ڕێـژەی پشـت بەسـتن بە کادیـری ناوخـۆی دامەزراوەکە(30.7%)ە. کادیری بیانی(15.3%)ە.

**خشتەی(5)**

**جۆرەکانی ڕیکلامی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ پرسی جێندەر**

| ژ | ناوی دامەزراوە و ڕێکخراو | برۆشەر | ریکلامی | دەنگ | وێنە+پۆستەر | ریکلامی سەرشەقام | ڕۆژنامە | ئەنیمەیشن | سۆشیال میدیا | پەرتووک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانـان و گەشـەپێدان | 25 | 22 | 0 | 31 | 12 | 0 | 0 | 1 | 8 |
| 2 | بەرێـــوەبەرایەتی بەرەنگـاربوونەوەی توونـدوتیژی دژ بە | 21 | 33 | رادیـۆی | 20 | 0 | 0 | 0 | 1 | 51 |

| ژ | ناوی دامەزراوە و ڕێکخراو | برۆشەر | ریکلامی | دەنگ | وێنە+پۆستەر | ریکلامی سەرشەقام | رۆژنامە | ئەنیمەیشن | سۆشیال میدیا | پەرتووک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئافرەتان و خێزان | | | | | | | | | |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 3 | 11 | | 10 | 5 | 46 | 0 | 1 | |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | 3 | 12 | 0 | 3 | 0 | 863 | 0 | 1 | 74 |
| 5 | ڕێکخراوی ئاسوودە | 1 | 40 | 1 | 1 | 1 | 0 | | | |
| 6 | ڕێکخراوی راسان | 5 | 10 | 0 | 134 | 237 | 265 | 0 | 1 | 0 |
| 7 | ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 56 | 5 | 65 | 26 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 |
| 8 | ڕێکخراوی ڤایۆلێت | 12 | 5 | 0 | 12 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 |
| 9 | ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی | 120 | 54 | 10 | 100 | 4 | 0 | 0 | 1 | 5 |
| 10 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 15 | 6 | 0 | 25 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 |
| 11 | ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | 20 | 8 | 0 | 21 | 0 | | 0 | 1 | 8 |
| 12 | ڕێکخراوی ئیمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 134 | 34 | 0 | 55 | 0 | 13 | 0 | 1 | 21 |
| 13 | فێمینیزمی رۆشنگەری | 0 | 0 | 0 | 12 | 0 | 0 | 0 | 1 | 3 |
| | کۆی گشتی | 415 | 240 | 77 | 449 | 259 | 1186 | 0 | 13 | 170 |
| | ڕێژەی سەدی | 24% | 13% | %4. | %26 | %15 | %68.9 | 0% | %1 | 9.8% |

بەگوێرەی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی خشتەی (5) جۆری ریکلامی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ پرسی جێندەر دەردەکەوێت کە رۆژنامە لە پلەی یەکەم دایە بەرێژەی (68%) وەک یەکێک لە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بەتایبەت ئەو ڕێکخراوانەی ئەزموون و مێژووی کارکردنیان زیاترە، بڵاوکردنەوە و بەدەنگەوەهاتنی رۆژنامە بۆ بڵاوکردنەوەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی زیاترە، وێنە و پۆستەر پلەی دووەم دێت بەرێژەی (26%)، پاشان برۆشەر لە پلەی سێیەم بەرێژەی (24%) ، پاشان ریکلامی سەرشەقام بەرێژەی (15%) لە پلەی چوارەم دێت، دواتر ریکلامی ڤیدیۆیی بەرێژەی(13%)، کە بەشێکیان لەسەر لاپەرەی کۆمەڵایەتی سۆشیال میدیا بەتایبەت فەیسبووک بڵاوکراونەتەوە، بڵاوکردنەوەی کتێب و پەرتووک لەبارەی پرسی جێندەر بەرێژەی(9%)ە، بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بەشێوەی دەنگ بەرێژەی(4.4%)، ئەنیمەیشن هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و (0%)ە، هۆکاری ئەمەش بەرای توێژەران بۆ نەبوونی شارەزایی و کادیرە لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژنان، هەستنەکردن بە گرنگی و کاریگەری ئەنیمەیشن، پێویستە ئەوەش بخەینەروو یەکێکی دیکە لە بەربەست و گرفتەکانی بەردەم توێژەران و بەگشتی لەبەردەم توێژینەوەکان دەستنەکەوتنی داتا و ژمارەو زانیاری وردە، بەشێکی زۆر لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان زۆر بەکەمی کاریان لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری کردووە، کە ئەمەش زۆر کات کاردەکاتە سەر ئەرشیفکردن و بەربەست لەبەردەم زۆر هەنگاوی دیکە.

**خشتەی(6)**

**بڵاوکردنەوەی ریکلام بەگوێرەی ئامانجی شوێن**

| ژ | ناوی دامەزراوە و رێکخراو | ناوشار | دەرەوەی شار | هەردووکیان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و گەشەپێدان | | | 1 |
| 2 | بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و خێزان | | | 1 |
| 3 | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | 1 | | 1 |
| 4 | یەکێتی ژنانی کوردستان | | | 1 |
| 5 | رێکخراوی ئاسوودە | 1 | | 1 |
| 6 | رێکخراوی راسان | 1 | | |
| 7 | رێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان | 1 | | |
| 8 | رێکخراوی ڤایۆلێت | 1 | | |
| 9 | رێکخراوی هاریکاریی یاسایی | 1 | | |
| 10 | ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتیکردن | 1 | | |
| 11 | رێکخراوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان | | | 1 |
| 12 | رێکخراوی ئیمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | 1 | | |
| 13 | فێمێنزمی رۆشنگەری | 1 | | |
| | کۆی گشتی | 8 | 0 | 5 |
| | رێژەی سەدی | 61.5% | 0% | 38.4% |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (6) بۆمان ڕووندەبێتەوە، بەشێکی زۆر لە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکانیان لە سەنتەری شارە گەورەکان بلاوکردۆتەوە بەرێژەی (61.5%) ئەگەرچی لە ئێستا سۆشیال میدیا کار ئاسانی کردووە بۆ بەزاندنی سنوورەکان، بەڵام جۆرەکانی کەمپەین و هەڵمەتە مەیدانی و چالاکی و بۆنەکان تەنها خەڵکی سەنتەری شارەکان لێی سوودمەندن. ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکان لە دەرەوەی سەنتەری شارە گەورەکان 38% ە، ڕێژەکە کەمترە لە نیوە، ئەویش کاریگەری دەکاتە سەر جەماوەر و بێبەشبوونی لە خزمەتگوزاری بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لەبارەی پرسی جێندەر.

توێژەر بە بەکارهێنانی ئامرازی سەرەنجدان، لە سەردانی مەیدانی وەرگرتنی سێ قەزای وەک سۆران، شێخان، کەلار، دەردەکەوێت کە زۆر بەکەمی جۆرەکانی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دەگات بە جەماوەری ئەو قەزایانە کەلە سەنتەری شارەکانەوە دوورن، تەنها لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و کەناڵەکانەوە سوودمەندن.

### -تەوەری سێیەم: چاوپێکەوتنی پسپۆڕو شارەزایانی بواری میدیا لەبارەی ڕۆڵی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی

بەمەبەستی دەرخستنی ڕۆڵی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی سەبارەت بایەخدان بە پرسی جێندەر، توێژەر چەند چاوپێکەوتنێکی قووڵی لەگەڵ دەستەبژێرێک ئەنجامداوە، دەستنیشانکردنی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لەسەر بنەمای پسپۆڕی و گرنگیدانیانە لەبابەتی ڕیکلامی کۆمەڵایەتی و بابەتی جێندەر، چاوپێکەوتنەکە (5)پرسیاری کراوەی لەخۆگرتبوو، مەبەست لە ئاراستەکردنی پرسیارەکانیش کۆکردنەوەی زانیاری بوو سەبارەت بەوەی ئایا ڕاگەیاندنی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی ژنان تا چەندە گرنگیان داوە بە پرسی جێندەر، هەروەها بۆچی هێشتا تێگەیشتن بەرامبەر بە چەمکی جێندەر و بایەخ و گەشەپێدانی جێندەر لە ئاستی پێویستدا نییە، چی بکەین بۆ گەشەپێدانی جێندەر لە کوردستان، پاشان ڕۆڵی ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی تایبەت بە ژن چۆن دەبینی لە گەشەپێدان و بایەخدان بە جێندەر لە ڕێگەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، هەروەها دامەزراوە و ڕێکخراوەکان پشت بە چی بەستن بۆ گەشەپێدان و بایەخدان بە جێندەر؟

پاش وەرگرتنی ئاماری کاروچالاکی و ڕیکلامە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراوو دامەزراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا و ڕاوەسەرنجی پسپۆڕان سەبارەت بەو چالاکی و هەڵمەتی بازاڕسازییانەی ئەنجامیانداوە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قووڵەوە، توێژەر بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

### کاریگەری و بایەخی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە گەشەپێدانی جێندەر:

پێشتبەستنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی بواری ژن، بە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەپێدانی جێندەر و بایەخدان بەو پرسە، جیاوازە، زیاد لە چەند هۆکارێک هەیە، لەوانە نەبوونی کادیری پسپۆڕ و بەشێکیش پەیوەندی بە نەبوونی ستراتیژی نوێ هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی ژن، دامەزراوە و ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی کلاسیک کاردەکەن، بەشێکیشیان کاریان لەسەر ڕێگەی تازە وەک بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کردووە بۆ گەشەپێدانی جێندەر.

ئەگەربێتو بازاڕسازی کۆمەڵایەتی ڕەگەزە سەرەکیەکانی تێدابێت و ڕەهەند و ئاستە جیاوازەکانی تێدا جیابکرێتەوە، ئەو پەیامەی کە تێدا بەکاردەهێنرێت کاریگەر بێت دەتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت، وە بیر لە میکانیزمی سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بکرێتەوە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، کە هەمان قۆناغی پەیوەندیکردنە:(پەیام، نێرەر،کەناڵ، وەرگر،زانیاری گەڕاوە)، ئەوا بێگومان بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر گەشەپێدانی جێندەر، ئەگەرچی کاری زۆر لەسەر ئەو بابەتە کراوە ،بەڵام ڕەچاوی ڕەهەندەکانی بازاڕسازی نەکراوە، زۆر بە وردی تاوتوێی نەکراوە، تێچوو و کاتی زۆری بردووە بەڵام بەشێوەیەکی ورد و زانستی و پیشەییانە ئامادەنەکراوە، بۆیە کاریگەری ئەوتۆشی لەسەر جەماوەر دروستنەکردووە.

پێویستە بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەت و دروستکردنی ڕیکلامە کۆمەڵایەتیەکان لە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، بەرنامەڕێژی و پلان داببنێن، ڕەچاوی شوێن و کات و وەرگر بکەین زۆر بە وردی، بپرسین ئەو ڕیکلامە بۆ وەرگرانی چ ئاستە و لەکوێ بلاودەکرێتەوە؟ بۆ کێیە؟ وەرگرەکان ئاستی هۆشیاری و خوێندەوارییان چۆنە. (د.هێرش ڕسول)

ڕیکلامی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا هەیە، چونکە هەمان تەکنیکەکانی قەناعەتپێکردنی ژانرەکانی میدیای دیکە بەکار دەهێنێ"، لە بواری جێندەر، چەند بوارێکی لاوەکی بوونیان هەیە و پێویستیان بە ڕیکلامی کۆمەڵایەتیە وەکو پەیوەندی جێندەری Gender Relations و یەکسانی جێندەری Gender Equalityو ئەعرافی جێندەری Gender norms و بۆشایی جێندەری Gender gap.بۆ نموونە لە یەکسانی جێندەری کێشەیەکی قوڵ هەیە لە زۆرێک لە وڵاتەکان. بۆ دروستکرنی یەکسانی جێندەری زۆرێک لە میدیاکان لەو وڵاتانە ڕیکلامی کۆمەڵایەتی بلاو دەکەنەوە. لە بواری پەیوەندی جێندەریش بەهەمانشێوە، بۆ دروستکرنی پەیوەندیەکی تەندروست میدیاکان ساڵانە کۆمەڵێک ڕیکلامی کۆمەڵایەتی بلاو دەکەنەوە.( د. حەبیب کەرکوکی)

بازاڕسازی کۆمەڵایەتی کە یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی کە پشت دەبەستێت بە پرەنسیب تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن و کاریگەرییان هەیە بەسەر بەها و ڕەفتار، دروستکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆ بەسەر جەماوەر، لە ڕوانگەی جیاوازییەوە، کەمپەینەکان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری تاک بە ئاراستەی چاکەی گشتی جۆرێکە لە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی، دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاک، بازاڕسازی کۆمەڵایەتی میتودێکە کار لەسەر گۆڕانکاری بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسووکەوتی تاکەکان دەکات بۆ باشە، بەرژەوەندی گشتی، بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوو، لە پێناو چاکەی گشتی بووە، کاریگەری هەبووە، چونکە دواجار بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو کاردەکات بەهەنگاوی جیاواز کاردەکات بۆ گۆڕینی ڕەفتار و بیرکردنەوەی بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەت و ستراتیژی جیاواز.( د.ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد).

-ڕیکلامی کۆمەڵایەتیی کە ڕێبازێکە پەنای پێدەبەسترێت بە ئامانجی گۆڕینی یان هێشتنەوەی هەندێ هەڵسەوکەوت و نەریت و ڕەفتاری خەڵك بۆ بەرژەوەندیی گشتیی و تاك، گرنگە بۆ بابەتی جێندەر لەناو کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. ڕیکلامی کۆمەڵایەتیی، پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی درێژخایەنەو سەرجەم ڕێگەو شێوازەکانی ڕیکلامکردن و بازاڕسازیی لەخۆدەگرێت بەئامانجی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ژیانی خەڵك و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تێیدا دەژین و هەروەها بەرزکردنەوەی کوالێتیی ژیانمان. ئەو ڕیکلامانەی کەدەکرێن، بەتایبەتی لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەوڵێکن بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر هەردوو جێندەر بەمەبەستی گۆڕینی بیرکردنەوەو ڕەفتارو بیروباوەڕە باوەکان کەببێتە مایەی خزمەتکردن و گەشەپێدانی جێندەری ڕەگەزی مێینە، بۆئەوەی پێگەو ڕۆڵی شایستەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا بەدەستبهێنن و مافەکانیشیان یەکسان بێت لەگەڵ جێندەری بەرامبەر.(د.کاروان عەلی قادر).

بەڕای مـن بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی بـۆ بابەخـدان بە پـرسی جێنـدەر بە پێـی ئەو نموونانەی کە سەیرمکردووە لەنێو پلاتفۆرمەکانی سۆشـیال میدیا ، بابەخـدان هەیە، ناتـوانین بڵێـین نیـیە، بەڵام ئەوەی جێـی سـەرەنجە لەرووی بڵاوکـردنەوە زۆر سـنووردارە، لەڕووی تەکنیـک و جێبەجێکـردنیەوە زۆر گونجـاو نییە بـۆ کـۆمەڵگە فراوانەکەی ئێمە، رەنگە گونجاو بێت بۆ دەستبەژێریک بۆ رۆشنبیر و گەنجان، بەڵام بۆ ژن و کچانی دەرەوەی شـارە گەورەکان، ئەوانەی لەنێـو گونـد و ئەو شـوێنانەی دەسەڵاتی خێل و عەشیرەت هێشتا باڵایە ناگات بەمشێوەیە کە چاوەرێی بکەیـن ، لەو بڕوایەدا نیم کاریگەری هەبێـت ، ئەگەرچی رەنج و ماندووبوونی زۆر لەگەڵ دراوە و دڵسـۆزانە کاری لەسـەر کـراوە، بەڵام نەیتوانیـوە ئامـانجی خـۆی بپێکیت.(د.بەهات حەسیب).

ئەگەر باس لە بایەخی بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی بـۆ گەشـە پێـدانی جێنـدەری بکەیـن پێویست دەکات بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی پێش بازاڕسازە کۆمەڵایەتی و دوایی قـۆناغی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی ئایا رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی رای گشتی پشتگیریکەر کە داوا لە کۆمەڵگا بکات بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری بکات بۆ گەشەپێدانی چێندەر. بەگشتی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بایەخی هەبووە بەڵام رەنگە لە ئاست پێویسـت دا نەبێت.( د .ظاهر حمدامین صابر).

پـرسی جێنـدەر بەگـوێرەی پێویسـت گرنگی پێنەدراوە، ئەمەش کاری کردۆتە سـەر تێگەیشتنی خەڵک سەبارەت بە چەمک و پرسی جێندەر، لەبەرئەوەی لە سەرەتاوە هاتنی ئەم چەمکە بە هەڵە پێناسەکراو و لێکدانەوەیەکی دروسـتی بـۆ نەکرا هـاودژیەکی زۆری دروسـتکردوەو کە تائێسـتاش درێـژەی کێشـاوە. گەشـەپێدان و کارکردن لەسەر ئەم چەمکە پێویستی بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی بەرنامەیەکی گەشەسـەندنە و دووبارە ئاشناکردنەوەی ئەم چەمکە بە کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی دروست و زانستیانە نە ک چەواشەکارانە.(دونیا مەردان).

چەمکی جێندەر لە رێگەی رێکخراوەکانەوە هـاتۆتە نێـو کـۆمەڵگەی کوردسـتان، ئەو چەمکە وەک پێویست روون نەکراوەتەوە، راگەیاندنی رێکخراوەکانیش وەک پێویست کاریان لەسـەر ناسـاندنی ئەو چەمـکە نەکـردووە، جێنـدەر لەلای تاکەکان وا دەخوێنرێتەوە تەنها ژن لێی سوودمەند دەبن، هەندێکجار بەرهەڵسـتکاری دروسـت بووە بەهۆی ئەوەی بە ورد و زانستی کاریان لەسەر نەکردووە، وە گرنگە راگەیاندنی رێکخراوەکان کار لەسەر پرسی جێندەر بکەن، ئەوە بخەنەڕوو کە ئامانج و مەبەسـتی جێندەر جیاوازە، تەنها ژن تێدا سوومەند نییە.(د.ژیا عباس).

ریکلامە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە پرۆسەی ریفۆم و گۆڕانی کۆمەڵایـەتی، هـەموو پرۆسەیەکی گۆڕان و ریفۆرمی کۆمەڵایەتیش رووبەرووی "بەرەیەکی دژ" بەم پرۆسەیە دەبێتەوە، جا ئەگەر ئەم ئەم ریفۆرمە بۆ پێشخستنی پرۆژەی یەکسانی جێندەری بێت، ئـەوا قـەبارەی ئـەم بـەرەی دژە فـروانتر دەبێ، چونکـە لەبنـەماوە پـرۆژەی یەکسـانی جێنـدەری پرۆژەیەکـە زۆرینـەی کۆمەڵگـە هـاوکۆك نیـە لەگەڵیـدا، بۆیـە ئاسـاییە کـە زۆرینـەی کۆمەڵگـە وەك "زۆرینـەی دژ"، دەربکـەوێ، بـەڵام بـە تێپـەڕبوونی کات قەبارەی ئەم بەرەی دژە بچووك دەبێتەوە، چونکـە قـۆناغی بیرکردنـەوەی کۆمەڵایـەتی جێگیر نیەو بەردەوام لە گۆڕاندایە.(ئاری رەفیق).

لە ئەنجامی خستنەڕووی سەرەنجی پسپۆرانی بواری راگەیاندن و جێندەر، سەبارەت بە کاریـگەری بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی لە بایەخـدان پـرسی جێنـدەر، پسـپۆران و شارەزایان هاوڕان لەسەرئەوەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی شـێوەیەکی سـەرکەوتووە بـۆ گەشەپێدانی جێندەر لەنێو دامەزراوە و رێکخراوەکان، ئەگەرێتوو کەسانی شـارەزا و پسپۆر بەشێوەی پلان و بەرنامە بۆداڕێژراو کاری بۆ بکەن، رەچاوی شوێن و کات و ئاستی هۆشیاری جەماوەر بکەن.

**دووەم: رۆڵـی دامەزراوە و رێکخـراوەکانی ژنان لە گرنگیـدان بە بازاڕسـازی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی جێندەر**

بازاڕسازی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و رێکخراوەکانی بواری ژن بۆ گەشەپێدانی جێندەر وەک پێویسـت نـیە، بەکاریـدەهێنن بەڵام رەچـاوی رەهەنـدەکانی نەکـراوە و لێنەکۆڵدراوەتەوە، وەک زانست و هونەر بەکارنەهێنراوە، لە چ کات و شوێن و کات و شێوازێک بڵاویدەکەنەوە، ئایا وەرگرەکان کێین، پەیامەکان یەک جۆرەو گشـتین، دامەزراوە و رێکخـراوەکانی ژنان، بە وردی کاریان لەو پرسـە نەکـردووە، تەنانەت ئەگەر مادده و تێچووی زۆر و سەرچاوەی مرۆیی بەکاریدەهێنن، بەڵام کاریگەری نیە و وەک پێویست نیە، چونکە دیراسەی وردیان بـۆ وەرگرەکان نەکردووە، یەکێک لەو بابەتانەی زۆر کات رێکخـراوەکانی ژن و چـالاکوان لەکاتی کارکـردن رووبەرووی گرفت و کێشە دەبنەوە، ئەوەیە لەبڕی بەرەوپێشـبردنی پرسـەکە رووبەرووی کێشـە دەبنەوە، چـونکە دەسـتبردن بـۆ هەندێ بابەتی هەسـتیار و بیروباوەڕی خەڵـک، بە زیان دەشـکێتەوە، بەدژی خـۆیان و زیان تەواو دەبێـت، بـۆیە پێویسـتە پسـپۆری راگەیانـدن و دەروونـناسی و کۆمەڵایەتی و بواری سۆسـۆلۆژی لە نێـو دامەزراوەکان رۆڵیان هەبێت لە دارشتنی پەیامی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی.(د.هێرش رسول).

ئەوەی دەبیـنرێ لە کۆمەڵگـای کوردی کێشـەی زۆری جێنـدەری بـوونی هەیە و هێشتا ریکلامی کۆمەڵایەتیەکان لەو ئاسـتدا نین، چونکە رێکخـراوەکانی ئـافرەتان و ژنان بەهەڵـمەت ئەنجـامی نادەن، بـۆ ئەوەی ریـکلامی کـۆمەڵایەتییەکان کاریـگەری زۆرتریان هەبێ، دەبێ بەهاوکاری بەشە پەیوەندییەکانی زانکۆکان (بەشەکانی راگەیاندن و کۆمەڵنـاسی بەتایـبەت) هەروەهـا هـاوکاری دەزگـاکانی میـدیا و سـەرجەم دەزگـا حکـومییەکان بێـت، زۆرجـار کە ریکلامی کۆمەڵایەتی بـڵاو دەکرێتەوە بێ ئەوەی لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی کۆمەڵاتی بێت، کاریگەری کەمـتر دەبێـت، جگە لە نەبوون یان کەمبوونی هەڵمەتی کۆمەڵایەتی، ریکلامی کۆمەڵایەتی رێکخـراوەکانی ئـافرەتان و ژنان بەشێوەیەکی زانستی ئامادە نەکراوە. واتا بیرۆکەی ریکلامەکە لاوازە و لە رووی دیزاین و مۆنتاژیش بەهەمان شێوە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کۆمپانیان تایبەت بوونیان هەیە بە ئامـادەکرنی ریـکلامی کـۆمەڵایەتی. بـیرۆکەی زۆر کاریـگەر هەڵـدەبژێرن و بەشـێوەیەکی زۆر سـەرنج راکـێش دیـزان و مۆنتـاژی دەکەن.( پ. ی. د. حەبیـب کەرکوکی).

- بازاڕسازی و ریکلامە کۆمەڵایەتیەکانی رێکخراوەکانی ژنان لەهەرێمی کوردسـتان، لەئاستی پێویستدا نابینم، لەئاستێکی نزمدایە، نەك لەڕووی ژمارەو چەندییەوە، بەڵکو لەڕووی ناوەرۆکەوە. ناوەرۆکی زۆربەی پەیامەکانی بازاڕسـازیی لای ئەو رێکخـراوانە لاوازەو نەیانتوانیـوە مـافی پـرسی جێنـدەر کە بابەتێکـی گـرنگە، بـدەن. ئەوەی تێبینیدەکرێت، بەشێکی بەرچاوی زۆربەی ئەو ریکلام و بازاڕسازییە کۆمەڵایەتیانەی لەلایەن ئەو رێکخـراوو دامەزراوانەوە دەکـرێن، لەبـری ئەوەی لەبەرژەوەنـدی و خـزمەتی جێنـدەر بـن، بـۆ بەرژەوەنـدیی تایـبەت و خزمەتکـردنی ئامـانجی تایبەتـی کەسـانێك یان چەنـد گرووپێکـی دیاریکـراو، یاخـود بەئامـانجی سیاسـیی دەکرێن.(د.کاروان عەلی قادر).

من ئەوەی سەرەنجمداوە ئەو پۆست و بروشەر و کورتە فیلم و ریکلامانەی کراون، بۆ ئەوەی بزانم کاردانەوەی خەڵک و سەرەنجیان چییە ئەڕۆم سـەیری کۆمێنتەکان دەکەم، دەنگدانەوە و فیدباک چییە، با بزانم سەرەنجی خەڵک دەکەم، بەشێکی هەرە

زۆری کۆمێنتەکان، دژبەرن و لە ژێر کاریگەری ئاینی و کلتووری کۆمەڵایەتی بووە، زۆر ڕەشبینیانەیە.

پێوستە تۆ وەک دەزگایەک کە خاوەنی پەیامێکی دیاریکراوی ، بڵاوکۆدنەوە کۆتایی کارەکەت نییە، کاری تۆ تەنها بڵاوکردنەوە نییە، چونکە هەر پەیامێک لە پەیامدەرێک دەڕوات بۆ وەرگر لە بارودۆخێکی دیارکراو ، زانیاری گەڕاوەش گرنگە، پەیامەکەت بۆ ئەوە نیە تۆ تەنها سەیری بکەیت.

ئەوەی من تێبینم کرد لە ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان کە بڵاوکراونەتەوە تەنها چەند کەسێکی دیاریکراو بینوویەتی، ڕێژەیەکی ئێجگار کەمی کارلێکی کردووە، هاوکات کۆمێنتە خراپەکان زۆر زیاترە ، تۆمەتباری دامەزراوەکەی کراوە، ئامانجەکەی بەتاڵکراوەتەوە، پێویستە بپرسین خاوەنی پەیامەکە بەدواداچوون دەکات بۆ گەیشتنی پەیامەکە؟ دەپرسێ بۆچی پەیامەکە نەگەشتووە، پەیامە لەبڕی ئەوەی لەبەرژەوەندی بێت سەیر دەکەیت کۆمێنتی دژ زۆرە، پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئەگەر فیدباک وەرنەگریت، ئەم دژەبەریە شکست بە هەموو پرۆژەکە دەهێنێت.(د.بەهات حەسیب).

هەر دامەزراوەیەک یان ڕێکخراوێک ئەگەر لەسەر بنەمایەکی دادوەرانە بەرنامەو پرۆگرامی خۆی دابڕێژێت بێ جیاکاری کردن و بتوانێت هاوسەنگیەک لەسەر بنەمای کواڵیتی فەراهەم بکات ئەکرێت هەنگاوی یەکەمی ئەو هەوڵەی گەشەپێدان بێت. (دونیا مەردان)

پێویستە بازاڕسازی کۆمەڵایەتی پەیامی جیاواز هەبێت ناکرێت یەک پەیام بەیەک جۆر،سروشت، ئاڕاستەی جەماوەر بکەیت بەگشتی، بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتەکان پێویستە لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا پەیامەکە بۆ کێیە، لەکوێیە، ڕەچاوی ئاستی تەمەن و شوێنی ژیانی وەرگرەکانت بکەیت، ئەو پەیامەی بۆ ژنی ماڵەوەیە جیاواز بێت لەوەی ئاڕاستەی خوێندکارێکی زانکۆی دەکەیت، ئەو کەرەستەی بەکاریدەهێنیت، بۆ ئاڕاستەکردنی وەرگریش بەهەمانشێوە، دەبێت لەئاستی وەرگر بێت، پێویستە بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا گرافیک بۆ چ جۆرە وەرگرێکە، کورتە فیلم ئاڕاستەی کێ دەکەیت، دراما و برۆشەر و پۆستەر بۆ کێیە و لەکوێ بڵاویدەکەیتەوە، پێویستە کەرەستەو شێوازەکان جیا بێت، تەمەن و ئاستی تێگەیشتن و وەرگر، بە گوێرەی جیاوازی شوێن و تەمەن و بوارەکان کەرەستەو شێوازەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت.(هێرش رسول).

لە هەرێمی کوردستان سەرەرای زیادبوونی دەزگا و دامەزراوەی ژنان، بەڵام هێشتا ژن لە ناوەندی بڕیاری میدیایی نین، ڕاگەیاندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن وەک پێویست کاریان لەسەرپرسی جێندەر نەکردووە، ئەگەرچی چەمکی جێندەر لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە هاتۆتە نێو کۆمەڵگەی کوردستان، ئەو چەمکە وەک پێویست روون نەکراوەتەوە، ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکانیش وەک پێویست کاریان لەسەر ناساندنی ئەو چەمکە نەکردووە، شێوازی کارکردنیان پلان و ستراتیژی نیە،بەشێوەیەک کاریان لەسەر کردووە، جێندەر لەلای تاکەکان وا دەخوێنرێتەوە تەنها ژن لێی سوودمەند دەبن، هەندێکجار بەرهەڵستکاری دروست بووە بەهۆی ئەوەی بە ورد و زانستی کاریان لەسەر نەکردووە، گرنگە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان کار لەسەر پرسی جێندەر بکەن بەشێوەیەکی فراوان، ئەوە بخەنەڕوو کە ئامانج و مەبەستی جێندەر جیاوازە چەمکێکی تازەیە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و فرەلایەنە، مانای قوڵ هەڵدەگرێت، زۆر ئەستەمە چەمکی جێندەر وەک خۆی تێبگەن، گرفتێکی دیکە ئەوەیە سەرچاوە بە زمانی کوردی لەبارەی جێندەر زۆر کەمە، بەشێکی زۆر ئەوانەی لەنێو میدیای ڕێکخراوەکانن توانست و لێهاتوویان کەمە، تێگەیشتن وەک پێویست نییە، تێکەڵاوی هەیە لەبارەی خستنەڕووی چەمکی جێندەر، هەر کەسە و لایەنە بەجۆرێک قسەی لەسەر دەکات، پێویستە بەشێوەیەکی ورد و زانستی کار لەسەر بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لەبارەی پرسی جێندەر بکرێت.(د.ژیا عباس).

میدیا و ڕاگەیاندن زۆر کات بۆتە هۆیەک بۆ بەلارێدابردنی پرسی جێندەر، ڕاگەیاندنەکان کاریان لەسەر کردووە بەڵام ناتەندروستە، تێڕوانێکی هەڵەیان بۆ جێندەر دروستکرد، ئەوانەی ئەو پرسەیان وروژاندووە ئاستی مەعریفیان لاوازە، کادیرەکانی میدیا وەک پێویست پاشخانی زانیارییان نییە.( شهله صالح عبدالله).

گرنگە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان کار لەسەر جێندەر بکەن بە مانا قوڵ و زانستیەکەی بکات، ئەو نارونیەی هەیە لای جەماوەر کاڵی بکەنەوە. (د. ژیا عباس قادر).

کەمپەینەکانی بازاڕسازی ڕێکخراوەکانی ژنان، کاریگەری هەبووە، بەبەراورد بە رابردوو ڕێژەی کوشتن و توندوتیژی دژ بە ژن کەمیکردووە و کارکردنی دامەزراەوە و ڕێکخراوەکان لەبواری یەکسانی جێندەر کاریگەری هەبووە، لەسەر ناساندن و یەکسانی جێندەری، چونکە بازاڕسازی ئامانجی سەرەکی دروستکردنی گۆڕانکارییە لە بیرو فیکری خەڵک، ئەگەر رووپێوییەک وەربگرین، لە ساڵی 1991 سەیر بکەین، ریکلامە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بابەتی(یەکسانی جێندەر، جێندەرە جیاوازەکان) کەلەلایەن ڕێکخراوەکان کاری لەسەرکراوە، کاریگەری هەبووە، پێویستە ئەوەش بڵێین ئێستا فۆرمی نوێی ریکلامی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە(سایبەر فێمینێست) بەشێوەیەکی ورد کاری لەسەر دەکرێت، لەنێو دیجیتاڵ میدیا و رادیۆ و تەلەفزیۆن کاری لەسەر دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین:ڕێکخراوەکانی بواری ژن کاریگەری زۆریان هەبووە، تێدەگەین کە بابەتە جێندەرییەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو گۆڕانکاری بەسەر هاتووە .( د.ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد).

ئاستی ڕێکلامە کۆمەڵایەتیەکان و بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی نزم دایە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە ساڵێکدا تەنها لە مانگی ئازار دەست دەکرێت بە هەڵمەتی ڕێکلام و بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بۆ پرسی ژنان و ئافرەتان لە دوایی ئەم کاتانە کەمترین یاخود ئەم ڕیکلام و بازاڕسازییە کۆمەڵایەتییە هەربوونی نامێنێت، هۆکاری ئەم ئاست لاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانی گونجاو ڕێکارییەکانی ڕیکلامکردن و بازاڕسازی.( د .ظاهر حمدامین صابر).

زۆرێک لە ڕێکخراوەکان وەک پێویست هەماهەنگ نین سەبارەت بە بایەخدان بە پرسی ژن و جێندەر، بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکان وەک پێویست کاریان لەسەر بایەخدان بە پرسی جێندەر نەکردووە، بەشێک لە هەڵسووڕاوەکانی ڕێکخراوەکان ئاستی مەعریفیان بەرز نییە، کاری ڕێکخراو تەنها ئەوە نییە خۆپیشاندان و لێدوان و بەیاننامە دەربکات، دەبێت کار لەسەر ئەقڵی ژن و پیاو بکرێت، پێویستە خۆیان لە بابەتە گرنگەکە بدەن، زەمینە بڕەخسێنین، کار بۆ پێگەیاندنی ژن بکەین، ڕێژەی پسپۆری و شارەزای زۆر بکات، ژن بەهێزتر بێت تواناکانی دەربخات، کەسێکی بەرهەمدار دروست بکات، بەداخەوە پلانی ستراتیژی لەنێو دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ژن وەک پێویست نییە.(شەهلا ساڵح).

" فێمێنیستەکان لەماوەی 20ساڵی رابردوودا تا رادەیەکی باش ئامادەییان هەبووە لە پرۆسەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتییدا بۆ پرس جێندەر، باشترین سەرچاوەی مرۆیی ئەوان بوون لە دەستپێکردن و پەرەپێدانی کردەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتییدا".(ئاری رفیق).

پسپۆرانی بواری راگەیاندن و جێندەر، کارکردنی رێکخراوەکانی ژنان بۆ بازارسازی کــۆمەڵایەتی لە خــزمەت بەرەوپێششــبردنی جێنـــدەر، بە لاواز و بێ بەرنامە وەســفدەکەن، هــاوڕان کە نەبــوونی شــارەزایی و تێنگەشــتن لە بایەخ و گرنگــی بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی لە بەرەوپێشـبردنی چەمـکی جێنـدەر، هـۆکاری بەشـێک لەو ناڕوونی و تێنەگەشـتنەیە کە زۆرکات دامەزراوە و رێکخـراوەکانی بـواری ژن لەکاتی کارکردنیان لەسەر پرسی جێندەر رووبەرووی شەپۆلێکی ناڕەزایی و گوتاری رق و کینە دەبــنەوە، بەشــێک لە پســپۆرانیش رایان وایە کە بازاڕســازی کــۆمەڵایەتی رێکخراوەکانی ژن و فێمێنستەکان هـۆکاری بەرەوپیشـبردنی رەوشی کارکردنی ژنان و توانیویانە گۆڕانکاری سەبارەت بە تێگەیشتن لە پرسی جێندەر دروست بکەن.

**دەرئەنجام:**

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

1.ســەرەرای زۆری ژمــارەی دامەزراوە و رێکخــراوەکانی بــواری ژنان، ئەو رێکخراوانەی کاران لەبواری کارکردن و بایەخدان بە پـرسی جێنـدەر ژمارەکەیان زۆر کەمە، بەشـێکی پەیوەنـدی بە تێنەگەشـتن و نەبـوونی مەعـریفەیە لە بـواری جێنـدەر، بەشــەکەی دیــکەی پەیوەنــدی بە ئاڕاســتەی سیاســەتی کارکـردنی دامەزراوە و رێکخـراوەکە هەیە، بەهـۆی پاڵپشــتی دارایی ســەرچاوەکەیان پـلان و ســتراتیژیی کارکردنیان بۆ دادەرێژرێت، سیاسەتی کارکردنیان روون نیە.

2.ژن و کچـان زیاتـر لە دامەزراوە و رێکخـراوەکانی بـواری ژن کاردەکەن، پیـاوان کەمــتر روودەکەنە رێکخــراوەکانی ژنان بەهــۆی تێـڕوانینی کـۆمەڵگە، بەشێکیشی۔ پەیوەندی بە شێوازی کارکردنەوە هەیە لەرووی کارگێڕی و سیاسەتی دامەزراوەکە.

3.دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژنان، هەڵمەت و ریکلامی کۆمەڵایەتی و داکۆکردنیـان زیاتـر لە بابەتی(یەکســانی جێنـدەری، هۆشـیاری یاسـایی، جـوڵانەوەی فێمنـیزم لە کوردسـتان، ژن لەناوەنـدی بـڕیارە)، لەکاتی بـۆنە جیهـانی و ناوەخـۆیی و لـۆکاڵیەکان گۆڕانکاری بەسەر پرس و بابەتەکان هاتووە.

4.دامەزراوە و رێکخراوەکانی ژن، بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامە کۆمەڵایەتی و بازاڕسـازی زیاتر پشتیان بە کادیری دەرەکی بەستووە، نەیانتوانیوە وەک پێویست پشت بە توانا و لێهاتووی کادیری نێو دامەزراوە و رێکخـراو ببەسـتن، ئەمەش کاری کردۆتە سـەر پەیامی سەرەکی دامەزراوە و رێکخراوەکان.

5.دامەزراوە و رێکخـراوەکان بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانیـان زیاتـر لە سـەنتەری شـارە گەورەکان بڵاوکـردۆتەوە، شـارۆچکە و قەزا و گونـد و لادێـی دوور دەسـتەکانیان فەرامۆشکردووە.

6.شـێوە و جـۆری بەرهەمە کـۆمەڵایەتی بۆ بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی دامەزراوە و رێکخراوەکانی بواری ژن، کلاسیکە، کەمتر شێواز و ئامرازی نوێ بەکارهێناوە.

**-راسپاردەکان**

لە سۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران پێگەیشـتوون، ئەو پێشـنیارو راسـپاردانەی خوارەوە دەخەڕوو:

1.پێشـنیاز دەکەیـن بۆ تـوێژەران بۆ ئەنجامـدانی تـوێژینەوەی زانسـتی و لێکـۆڵینەوە لەبارەی بابەتی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی و پـرسی جێنـدەر، کاریگەری ئەو چەمـک و بابەتە تازانە لەسەر گەشەپێدانی جێندەر لە هەرێمی کوردستان.

1.پێویسـته دامەرزاوە و رێکخـراوەکانی ژنان، بەشـێوەیەکی ئەکادیمی و زانسـتی کار لەسـەر گەشـەپێدانی جێنـدەر بـکەن، لەرێـگەی ریـکلامی کۆمەڵایەتی،بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی، چـونکە چەمـک و بابەتەکانی دیـکەی جێنـدەر هێشـتا بۆ تاکەکانی نێـو کۆمەڵگە روون نییە، وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە و روونەکراوەتەوە.

2.پێویسـته دامەزراوە و رێکخـراوەکانی بـواری ژن، کار لەسـەر پێگەیانـدنی کادیـری ناوخۆی بکەن بۆ ئەوەی لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی کۆمەڵایەتی و ریـکلامی کـۆمەڵایەتی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی بتوانن کار بۆ سەرخستنی پەیام و سیاسەتی دۆزەکەیان بکەن.

3.پێویسته دامەزراوە رێکخراوەکانی بواری ژن، سوود لە کەسانی شـارەزا لە بـواری کۆمەڵایەتی و یاسایی و جێندەر وەربگـرن، بەمەبەسـتی راوێژکاری بەر لە کارکردن و دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیاری و داکۆکیکردن.

4.پێشــنیاز دەکەیــن بـۆ دامەزراوە و رێکخــراوەکانی بــواری ژن، هەمــاهەنگی و پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوەکانی راگەیاندن بەهێزتر بکەن بۆ ئەوەی هاوکارییان بن لە بڵاوکردنەوەی بازاڕسازی کۆمەڵایەتی لە بواری جێندەر.

5.پێویسـته دامەزراوە و رێکخـراوەکان شـێوازی ریـکلامە کـۆمەڵایەتیەکان گەشـە پێبـدەن کار لەسـەر شـێواز و ئـامراز و مـۆدێلی پێشـکەوتوو بـکەن بـۆ ئەوەی پەیامەکانیان لە کەمترین کات بگات بە زۆرترین وەرگر.

6.کـردنەوەی بەشی بازاڕسـازی کـۆمەڵایەتی لە دامەزراوە و رێکخـراوەکانی ژن، بـۆ بایەخدان بە پرسی جێندەر و بابەت و بوارەکانی.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

**کتێب:**

-ثامر ياسر البكرى، التسويق والمسئوولية الاجتماعية، عمان، دار وائل للنشر، 2001.

-ذوقان القيشاوي ، التسويق الإجتماعي ، ط1 ، 1997م.

-سامى عبدالعزيز، التسويق الاجتماعى و السياسى، الطبعة الاولى، دار نەهضة مصر، 2013.

-سلوى العوادلى، التسويق الاجتماعى،دار النهضة العربية،2011.

-فؤاده عبد املنعم البكري، التسويق الاجتماعي وتخطيط الحملات الإعالمية، ط1 ،عامل الكتب، القاهرة، 2007 .

-كريمان فريد، المسئولية الاجتماعية و التسويق الاجتماعى، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، 2006.

-كريمان فريد، المسئولية الاجتماعية و التسويق الاجتماعى، الطبعة الاولى، دار النهضه العربية 2006.

- لارا عرجان ، التسويق الإجتماعي في قطاع النجاح ، ط1 مطبعة الحرة – مصر ، 2010.

-محمد إبراهيم ، تسويق الاجتماعي ، دارالوائل للنشر ، ط1 ، 2004م.

-محمد ابراهيم عبيدات، التسويق الاجتماعى، الاخضر والبيئ، دار وائل للنشر والتوزيع، 2004 عمان.

-ناجي معلا، بحوث التسويق ، مدخل منهجي تحليلي ، دارالوائل للنشر ، ط ،3 2006.

-نفين احمد غباشى، تاثير برامج التسويق الاجتماعى لقضية التلوث الصناعى فى مصر، دكتوراة غير منشورة، كلية الاعلام، جامعة القاهرة، 2002.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Andreasen ,Alan R. - marketing social change ,san Francisco, CA:Jossey Bass publishers, 1995.
- Andreasen,A. (1995).Marketing social change: Changing behavior to promote health, social development, and the enviroment (p.7).san Francisco,CA:Jossey-Bass.
- Kotler p.& Roberto, E.(1989).Social marketing. Strategies for Changing public Behavior .New York: the free press.
- Kotler p.,&Zaltman, G.(1971) Social marketing. An approach to planned social change.Journal of marketing ,35:3-12.
- Philip. kotler and Eduardo L. Roberto: social marketing strategies for changing public Behavior. The free press, Macmillan, Inc., New York, 1989.

Glanz, K, F. Lewis and B. Rimer (1997), Health Behavior and Health Education. San Francisco: Jossey-Bass.

Richard K. manoff :social marketing .New Imperative for public Health. Praeger, New York,1985.

**چاوپێکەوتنەکان:**

1-پ.د.هێرش رسول موراد، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن زانکۆی سلێمانی.

2- پ. ی. د. حەبیب کەرکوکی پەیمانگای زانستی ڕاگەیاندن زانکۆی ڕور بۆخوم - ئەڵمانیا.

3-پ.ی.د ئاراز رەمەزان احمد پرۆفیسۆری یاریدەرەر زانکۆی راپەرین دیجیتاڵ میدیا.

4-پ.ی.د.ژیا عباس قادر، مامۆستای بەشی کاری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی.

5-پ.ی.د.کاروان قادر عەلی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

6-د. ظاهر حمدامین صابر پسپۆری ورد :ڕادیۆ و تەلەفزیۆن-ریکلام بەشی میدیا کۆلێژی تەکنیکی کارگیری هەولیز زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولیر

7- م.شهله صالح عبدالله مامۆستا لە زانکۆی سۆران لە بەشی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. پسپۆری زانستە سیاسیەکان.

8-پ.ی.د.بەهات حەسیب قەرەداخی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

9- ئاری رەفیق، ماستەر لە کۆمەڵناسی، ی.بەڕێوەبەری گشت بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ئافرەتان و خێزان لەوەزارەتی ناوخۆ.

10- م.دنیا صلاح الدین مردان مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەلایەتی چالاکوان و راهێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵناسی و سیاسەتی کۆمەلایەتی جێندەر.

11-د.کاوە مەحموود، وەزیری پێشووی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

## The role of social marketing in addressing gender issues in the Kurdistan Region (Statement of women's institutions and organizations) for example

**Avan Fars Asaad**

Department of Media technical, Erbil technical management college, Erbil Polytechnic university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

: avan.asaad@su.edu.krd

**Hardawan Mahmoud Kakashekh**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

hardawan@su.edu.krd

**Abstract**

This study is an attempt to find out the relationship and role of social marketing for gender issues by women's institutions and organizations in the Kurdistan Region. The aim of the study is to determine the role and level of reliance of women's institutions and organizations in social marketing of gender issues and to determine the methods of social advertising in this field. To achieve the objective of the study, the researchers used in-depth interview methods to collect data and analyze social marketing activities, utilizing a sample of social marketing activities of women's institutions and organizations was taken. The most important findings of the researchers are as follows. There are very few active organizations in the field of gender. Part of it is due to misunderstanding and lack of knowledge about gender. The other part relates to the policy direction, lack of financial support, inadequate work plans and strategies, ambiguity in employment policy, ineffective of social marketing campaigns in gender equality, unrepresented women in decision-making and lack of legal awareness. The marketing style of women's institutions and organizations' is more traditional and less modern. This affects the delivery of messages and content of social products, mostly distributed in the centers of major cities and the masses of towns and districts are deprived of it. Conclusions and recommendations are presented at the end of the study.

**Keywords: Role, Social marketing, Gender, Women's institutions and organizations.**